# ئەدوارد سەعید و مەسەلەی ویژدان

## بەختیار عەلی

کە ستوونی ڕێزو درۆم نووسی، دڵنیابووم کە گوێمان لە برێک لەو پەرچەکردارانە دەبێت. نە لێرەدا و نە لە هیچ جێگایەکی دیکەدا مەبەستم نییە بەدوای هەندێک لەو قسانەدا بچم، بەتایبەت ئەو جۆرە قسەوباسانەی سوودێکی ڕاستەوخۆیان بۆ خوێنەر نییە. مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینەشم تەنیا موناقەشەکردنی هەندێک لەو تێزانەیە کە کاک فاروق بۆ بەرگریکردن لە ئەدوارد سەعید نوسیویێتی. مەبەستمە بۆ خوێنەری ڕوونبکەمەوە بۆ لە دیدی مندا ئەدوارد سەعید ویژدانێکی تەندروست نییە و وەک ویژدانێکی ناتەندروستیش دەمێنێتەوە.
سەرەتا منیش وەک زۆربەی خوێنەرانی ستوونەکەی کاک فاروق سەرم لەوە سوڕما کە بۆچی ئەم هاوڕێیە بێئەوەی نوسینەکەی من بخوێنێتەوە بەوە تاوانبارم دەکات کە بێئاگام لەوەی کە ئەدوارد سەعید هۆلۆکۆستی ڕەتنەکردۆتەوە لە کاتێکدا من نوسیومە: **«ئەوپیاوەی«هۆلۆکۆستی»ڕەتنەدەکردەوە،بەدرێژاییژیانیجگەلە هەڵوێستیسەلبیبەرابەرمەسەلەیکوردهیچیدیکەینەبوو»**. دیارە برایانی هاوڵاتی لە چاپی ئەم دێڕەدا وشەیەکیان دەستکاریکردووە و وشەیەکیشیان پەڕاندووە. دێڕەکەیان بەمجۆرە نوسیوەتەوە: **ئەوپیاوەی «هۆلۆکۆستی»ڕەتنەکردەوە،بەدرێژاییژیانیجگەلەهەڵوێستیسەلبیمەسەلەیکوردهیچیدیکەینەبوو»**
وەک دەبینن لێرەدا وشەی «ڕەتنەدەکردەوە» بەجۆرێکی دی نوسراوەو وشەی «بەرابەر»یش پەڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەو دوو هەڵەی چاپەشدا هێشتا ماناکە بە ئاشکرا ماوەتەوە. هێند ئاشکرا کە هەر کەس ڕستەکە بخوێنێتەوە دەزانێت من وتوومە ئەدوارد سەعید هۆلۆکۆستی ڕەتنەکردۆتەوە. بەهەرحاڵ ئەوەی من دەمەوێت، بۆ خوێنەری ڕوونبکەمەوە ئەم هەڵەیەی کاک فاروق نییە، کە پەیوەندی بە پەلەکردن و نەخوێندنەوەوە هەیە، بەڵکو ئەو هەڵوێستانەیەتی کە بەرهەمی تێگەیشتن و خوێندنەوەکانی بەڕێزیانە.

سەرەتا حەزدەکەم ڕوبەرو سنوری کێشەکە دیاریبکەم تا خوێنەر بزانێت ئێمە باس لە چیدەکەین. کێشەکە لەسەرەتاوە ئەوە نییە کە ئەدوارد سەعید موفەکیرە یان نا؟ برادەری جولەکەی بووە یاخود نا؟ بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت ئەدوارد سەعید ناوبنێین ویژدانێکی تەندروست؟ ئایا دەکرێت ئەدوارد سەعید بکرێتە مۆدێلی ویژدان؟ ئایا ئەو ئەرگومێنتانەی کاک فاروق بۆئەم پێشنیارە دەستەبەریان دەکات، تا چ ئەندازەیەک بەرگەی هەڵسەنگاندنی مەنتیقی دەگرن؟.
دوای ئەوەی کاک فاروق دان بە هەڵوێستەکانی ئەدوارد سەعیدا دەنێت دەرهەق بە کوردو هەڵەبجە، نوسیویێتی :
«دواجار هەڵوێستی سەعید گۆڕا، سوپاس بۆ چەند دام و دەستگایەکی نێونەتەوەیی، لەوانە ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و چەند نوسەرێک لەوانە چومسکی، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا لەکۆمەڵێک بۆنەدا، لە کۆمەڵێ موحازەرەدا، ئیدوارد سەعید باس لە ستەمکاری ڕژێمی عێراق و کارەساتی هەڵەبجەو ئینجا باسی لە تراژیدیای کورد لە تورکیادا کردوە». سەرەتا باباسی تراژیدیای کورد لە کوردستانی تورکیادا بخەینە ئەولاوە، چونکە هەموو شۆڤێنی و ناسیونالیستە عەرەبەکان بە خۆشحاڵییەوە باس لە ستەمی تورکی دەکەن لە کورد، سەردەمانێک کە «ئوجالان» گیرابوو دەنگی هەموو ئەو شۆڤێنیانەی عەرەب کە سەری زمان و بنی زمانیان باسی مەترسی کوردو یەکێتی خاکی عێراقە لەدەنگی کورد زوڵاڵتربوو، هەتا فاشستییەکی وەک «عەبدولباری عەتوان»یش ئەو دەم بۆ کورد دەگریا. ئەمە لەبەرئەوە نییە کە ڕێزی خاوەن هەڵوێستان نەگرین بەرابەر کێشەی

ڕەوای میللەتەکەمان لە باکوور، بەڵکو لەبەرئەوەی کە شۆڤێنیزمی عەرەبی و دینی بەردەوام کار بۆئەوەدەکەن، لە ڕێگای بەرجەستەکردنی ڕوخساری ناشیرینی دەوڵەتی تورکیەوە وانیشانبدەن ئەوان سیمایەکی مرۆدۆستانەتریان هەیە و کورد لە عێراق دەبێت بەختەوەر بێت کە هاودەمێکی وەکو ناسیونالیزمی عەرەبی هەیە. لە ڕاستیدا قسەی ئەدوارد سەعیدو هەڵوێستی لە کوردی تورکیا تەنیا هاوشان بە هەڵوێستێکی ئاشکراو بێ پێچ وپەنا لە تەواوی مافەکانی کورد لە عێراق مانای هەیە، هەڵوێستی ئەدوارد سەعید بەرابەر کورد بە هەڵوێستی لە کوردی عێراق دەپێورێت نەوەک بە هەڵوێستی لە کوردی تورکیا. لەوەبترازێت کاک فاروق هەندێک لە ڕستەکانی ئەدوارد سەعیدی بە نمونە نەهێناوەتەوە کە باس لە کوردی عێراق دەکات تا بزانین چ جۆرە هەڵوێستێکن و تا کوێ گەیشتوون.

تا ئەو شوێنەی من ئاگاداری وتارەکانی ئەدوارد سەعید بم لە ڕۆژنامەی «الحیاة» و «کرمل» دا، چ خەبەرێک لەمجۆرە پەشیمانییە نییە، من هەندێ چاوپێکەوتنی سەعیدیشم لەگەڵ کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکاندا بینیوە. ئەم پیاوە لەوێکانەشدا چ جۆرە قسەوباسێکی لەم بابەتانە نەکردووە. دیارە سەعید وەک موفەکیرێکی گەورە هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێک هەڵوێستی ڕەقی بەرابەر هەندێک ڕەفتاری ڕژێمی بەعس هەبووە، مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی پەشیمانی نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە سەعید هەمیشە کوردو خۆرئاوا و نەیارانی وەک بەشێک لە جەنگێکی کولتووری نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا تەماشاکردووە، شەڕێک کە خۆرئاوا گوناهباری یەکەمەو ئەوانی دی هەمیشە هەر قوربانین. ئەم هاوکێشەیە لەسەرەتاوە تا کۆتایی میتۆدی ئیشکردنی سەعید بووە. سەبارەت بە پەشیمانیش لەو هەڵوێستانە دەبێت لە سیاقی ئاشکرای خۆیدا بێت، بە گوزارەو تەعبیری ئاشکرا بێت، ئاڕاستەی ئەوانە بکرێت لەو هەڵوێستانە زیان دیدەبوون. ئەوەی گرنگبوو کاک فاروق کۆمەڵێک نمونەمان بداتێ، ئەو ڕستانەمان بۆ بگوازێتەوە کە گوێی لێبووە، تا بتوانین ئەو هەڵوێستانە لە هەندێ ڕەخنەی شەرمن جیابکەینەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا دۆستە نزیکەکانی بەعسیش بەدەنگی بەرز دەیانگرت. تا بتوانین بەراوردی ئەو ڕەخنانەبکەین لەگەڵ ڕەخنەی کەسانی دیکەدا کە مۆدێلی بێویژدانی بوون. لە ڕاستیدا هەڵوێستی ئەدوارد سەعید چەشنێک بە ستراکتوری فیکری و جیهانبینی ئەوەوە بەستراوە لەیەکجیاناکرێنەوە.

کاک فاروق بۆ بەرگریکردن لە ئەدوارد سەعید. سوپاسی «ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ» و «چۆمسکی» دەکات کە لە تراژیدیای کوردو ماهیەتی بەعس ئاگاداریانکردۆتەوە. لە ڕاستیدا من ناتوانم لێرەدا نەوەستم و تووشی سەرسامی نەبم، چونکە گەر ئەم قسەیە ڕاستبێت تراژیدیایەکی گەورەیە، گەر ڕاستیش نەبێت ئەوە تێناگەم بۆ بەڕێزیان بۆ تێپەڕاندنی دیدێکی حەماسیانەی خۆی ئەدوارد سەعید بەمشێوە وێنادەکات؟. کاک فاروق لێرەدا تەواو ئەوەی لەیادکردووە کە ئەو باسی ئەدوارد سەعید دەکات، باسی یەکێک دەکات ڕوبەرێکی گەورەی کارەکانی بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو، کۆلۆنیالیزەکەرو کۆلۆنیالیزەکراو تەرخانکردووە، باسی یەکێک دەکات لە هەموو شوێنێکی دونیادا و لە کۆی ئەدەبیاتی دونیادا بۆ کولتووری داگیرکەر گەڕاوە. باسی یەکێک دەکات لە کتێبی «کولتوور و ئیمپریالیزم»دا ژمارەی هەرە گەورەی داهێنەرانی خۆرئاوا وەک هەڵگری کولتووری ئیمپریالیزم تەماشادەکات، باسی نوسەرێک دەکات کە تەنیا نوسەرگەلی وەک «کیپلنگ»ی بە نوێنەری ئەدەبی ئیمپریالی لەقەڵەم نەدەدا، بەڵکو دەیان نوسەری دیکەی وەک «جۆرج ئۆرێل» و «جۆزێف کۆنراد»یش دەخاتە ناو ئەو کاتاگۆرییەوە. بەجۆرێک کاتێک من لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بوومەوە، تەنیا کتێبێک یادمهاتبێتەوە کتێبی «هەرەسی عەقڵ»ی لۆکاش بوو، کە ئەویش بەهەمان شێوە بڕی هەرەزۆری فیکری فەلسەفی خۆرئاوا بە بەرهەمی فیکری سەرمایەداری و ئیمپریالیستی دەزانێت. «دیارە بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییە میتۆدییە قووڵانەی لە نێوان ئەم دوو کتێبەدان». من دەپرسم یەکێک هەموو ژیانی خۆی بۆ

خوێندنەوەی زیهنییەتی داگیرکەر تەرخانکردبێت، لە شاکارترین تێکستەکانی ئەدەبدا سێبەری زهنییەتی کەسی کۆلۆنیالکەری دۆزیبێتەوە، چۆن دەبێت ئاگاداری گەورەترین کێشە و نزیکترین کێشە نەبێت لە مەسەلە سەرەکییەکەی خۆیەوە کە کێشەی کوردە؟. ئەگەر ئەدوارد سەعید پرۆفیسۆری کیمیا بوایە و کاک فاروق بیگوتایە زانیاری لەسەر کوردو عێراق نییە باوەڕماندەکرد. ئەگەر ئەدوارد سەعید خەڵکی ئەکوادۆر بوایە و هیچی لەسەر خۆرهەلات نەنوسیبایە، باوەڕماندەکرد. بەڵام بە گەورەترین تیوریزەکەری خۆرهەڵاتناسی بڵێیت ئاگاداری کوردو عێراق نییە وسوپاس بۆ چۆمسکی کە زانیاری داوەتێ، ئەمەیان یەکێکە لە عاجباتییەکانی دونیا. ئەگەر ئەدوارد سەعید هێند لە دونیای عەرەب بێئاگا بووە، کە حەوشەو ماڵی خۆیەتی، ئیدی چۆن واقیعییەت و وەهمی لەمسەرەو سەری کولتوورەکانی زەمیندا جیاکردۆتەوە؟ لە ڕاستیدا ئەمە شیعرێکی سەعدیم بە یادا دەهێنێتەوە کە دەڵێت :

تو در اوج فلک چه داني چیست
که نداني که در سرای تو کیست؟

ئەدوارد سەعید یەکێکە لەو موفەکیرە گەورانەی هەڵوێستەکانی لە هوشیارییەوە بوون، نەوەک لە بێئاگایی و کەمی زانیارییەوە، بۆیە ناکرێت بەوجۆرە بە بێئاگایی تاوانباربکەین «وەکو کاک فاروق ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەو کەنالەدا دەنێرێت». بەڵام با بۆ ساتێک وادابنێین کاک فاروق ڕاستدەکات و ئەدوارد سەعید ئاگاداری کێشەی کورد نەبووە. ئایا نەبوونی ئاگاداری، نیشانەی چییە؟ بێئاگایی و فەرامۆشکردن لەلای موفەکیرێکی گەورە، وەک بێئاگایی و فەرامۆشی نییە لای مرۆڤێکی ئاسایی، بێئاگایی ئەدوارد سەعید بەرابەر تاوانەکانی بەعس، بەرابەر بە کورد لەسەردەمێکدا ئەم تاوانانە هەموو دونیای لەمسەر بۆ ئەوسەر پرکردووە، بێئاگاییەک نییە بە بارگەیەکی ئایدۆلۆژی ترسناک بارگاوی نەبێت. ئەم بێئاگاییە نیشانەی بە هیچ تەماشاکردنی میللەتێکە کە سەعید بە شایستەی ئەوەی نەزانیوە لەسەری فێربێت ئینجا قسەبکات.
ئەدوارد سەعید لە حەوتی ئازاری ١٩٩١ دا لە «لەندەن ریڤیو ئۆف بۆکس» دا دەنوسێت: «ئەو ئیدیعایەی کە عێراق هاولاتیانی خۆی بە کیمیایی بۆدرومانکردوە زۆر دوبارەدەکرێتەوە، لە باشترین حاڵەتدا ئەم قسەیە ئیدیعایەکی نەسەلمێنراوە، لایەنی کەم لێرەدا ڕاپورتێکی سەربازیمان لەبەردەستدایە کە کۆلێژی جەنگ دەریکردووە، کاتێک نوسراوە کە عێراق هاوپەیمانی ئەمریکابوو، وادەگەێنێت ئێران کوردەکانی هەڵەبجەی بە کیمیایی بۆردومان کردووە». «بڕوانە کنعان مکیة. القسوة و الصمت لاپەڕە ٣٤٦. دار الساقی». ئەدوارد سەعید ئەم قسەیەی لە کاتێکدا نوسیوە کە ڕاپەڕین نیوەی شارەکانی عێراقی گرتبووەوە، ڕاپەڕین دوو ڕۆژبوو لە کوردستاندا کڵپەی دەسەند، ئایا ئەمە هەڵوێستی بێئاگاییە، یاخود هەڵوێستی یەکێکە بە ئاگا؟. ئەمە بێئاگایی نییە، بەڵکو فەرامۆشکردن و گوێنەدانە، ئەمە نەزانی نییە، بەڵکو خەواندنی ویژدانە. فەرامۆشکردنی ئەدوارد سەعید بۆ کورد، نیشانەیەکی گەورەیە کە سەعید تەنیا ئەو تاوانانەی بینیوە کە «خۆرئاوا بکەرێتی». لێرەشەوەیە کە ئەدوارد سەعید ناکرێت بە «مۆدێلی ویژدان» تەماشابکرێت. ئەوەی مۆدێلی ویژدان بێت لەسەر هەموو تاوانێک دێتە دەنگ. ئەوەی مۆدێلی ویژدان بێت تەنیا کولتووری «ئەویدی» بۆ وێنەی خۆی ناپشکنێت، بەڵکو کولتووری خودی خۆشی بۆ وێنەی «ئەوانی دی» دەپشکنێت. هەڵوێستەکانی ئەدوارد سەعید لە خۆشەویستی سەدام حوسەینەوە نەهاتوون، بەڵکو لەو پەرچە کردارە غەریزییەوە سەریان هەڵداوە کە مەکییە باسیدەکات، ئەو پەرچەکردارە بێمانایەی تاوانەکانی سەدام حوسەینیشی دەگێڕایەوە بۆ گوناهی خۆرئاوا. بە ئەندازەیەک ئەدوارد سەعید دوای دە ڕۆژ لە داگیرکردنی کوێت لە ئەندیپێندنت دا هۆی داگیرکردنی کوێتی گێڕایەوە بۆ «ئەو خەرەندە کولتوورییەی لە نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوادا هەیە»، لای ئەدوارد سەعید سەدام

حوسەین گوناهبارنەبوو، بەڵکو خۆرئاوا تاوانباربوو. «خەرەندی کولتووری نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا» گوناهباربوو لەوەی سەدام حوسەین کوێتی داگیرکردووە، ئەم بۆچوونانە لە قوڵایی فیکری سەعیدەوە هاتوون نەوەکو لە کەمی زانیارییەوە. بەڵام ئەم هەڵوێستە لە کاک فاروقەوە شتێکی سەیر نییە، چونکە ئەم بەڕێزە خۆشی تەنیا ئەو تاوانانە دەبینێت کە «خۆرئاوا» یان «خۆرئاوازەدەکان»بکەرەکەیەنی، ئیدی سەیر نییە ئەدوارد سەعید وەک مۆدیلێکی ویژدانی بۆ خۆی تەماشابکات.

کاک فاروق چەند مانگێک لەمەوبەر هەموو نوسەر و ڕۆشنبیرانی کوردی کرد بە تاقمێکی خەڵکی بێهەڵوێست و بێویژدان، چونکە لە سەر ئەو ئیسلامییانە ناهاتوونەتە دەنگ کە لە کاتی شەڕدا کوژران، ئەمەیان لای بەڕێزیان ویژدان بوو، چونکە بکەری ئەو تاوانە ئەمریکییەکان بوون، بەڵام ئەدوارد سەعید کە ئینکاری جینیۆسایدی کورد دەکات، لای ئەو دەبێتە مۆدێلی ویژدانی پاک، هۆکەش ئەوەیە لە دابەشکردنەکانی فاروقدا ئەدوارد سەعید لەبەرەی بکەرەکانی «دژ بە ئیمپریالیزمە؟!». کاک فاروق کە لە نوسینەکەیدا زۆر بە مەراقە لەوەی «زایۆنیستەکان» چییان بە «ئەدوارد سەعید» وتووە، کەچی بەمدیودا تەواو بێباکە لەوەی «ئەدوارد سەعید» چ هەڵوێستێکی نەگەتیڤی لە کورد هەبووە. ئەم هەڵوێستە سەیرو تاڵەش جارێکی دی ئەوە ئاشکرادەکاتەوە ئەم هاوڕێ ئازیزەمان تا چ ئاستێکی میکانیکی ئیش بە گووتاری ناسیونالیزم و فەندەمەنتالیزمی عەرەبی دەکات.
ئەگەر ئەدوارد سەعید زانیاری لەسەر کورد هەبووەو ئەو هەڵوێستانەی وەرگرتووە، ئەمە کارەساتێکی ئەخلاقی گەورەیە کە شایستەی لێبوردن نییە. گەر زانیاریشی نەبووە، خودی نەبوونی ئەم زانیارییە دەرهەق بە نزیکترین و گەورەترین گەلی چەوساوەوە لەسەر ئەم ئەستێرەیە، نیشانەی ڕەگەزپەرستییەکە گەیشتۆتە ئاستی فەرامۆشکردنی موتڵەق و بێڕەحمانە، گەیشتۆتە ئاستی چەپاندنی ئارەزووی وەرگرتنی زانیاریش لەسەر ئەم میللەتە. کاک فاروق بۆئەوەی ئەدوارد سەعید لە کێشەیەک دەربهێنێت، تووشی گرفتێکی قووڵتری دەکات، پێیوایە کە گووتی ئەدوارد سەعید زانیاری نەبووەو چۆمسکی بەرچاوی ڕونکردۆتەوە ئیدی کێشەکەی چارەسەرکردووەو ڕێگای بۆ ئەوە سازکردووە بیکاتە مۆدێلی ویژدانی تەندروست، بێئەوەی بۆساتێک لە ئاست مانای بێئاگایی و سایکۆلۆژیای بێئاگاییدا بوەستێت. لە ڕاستیدا ئەم بێئاگاییەی کاک فاروق باسیدەکات، دەشێت بۆ یەکێک دراوسێیەکەیان نەخۆش بێت نەیزانیبێت بەهانەبێت، بەڵام بۆ موفەکیرێک ئاگای لە ملیونەها خەڵک نەبێت کە لەگەڵ میللەتەکەیدا دەژین، مایەی لێبوردن نییە، بۆیە ڕەوایە بەڕێزیان هەوڵبدات بەشێوەی تر قەناعەتمان پێبکات.

*********************

بەڵام با وادابنێین ئەدوارد سەعید تەواو لە هەڵوێستەکانی پەشیمانبۆتەوە... باوادابنێین هەموو ئەو قسانەی کاک فاروق ڕاستە، بابزانین ئەمجۆرە پەشیمانییە کەس دەکات بە مۆدێلی ویژدان؟. پەشیمانی و خۆ ڕاستکردنەوە هەڵوێستێکی پۆزێتیڤە و لە سنورێکدا دەبێت لە هەموو مرۆڤێک قبوولبکرێت، بەڵام ئەو لۆژیکەی فاروق کاری پێدەکات لۆژیکێکی هەڵەیە، پەشیمانی کەس ناکات بە ویژدانی تەندروست، بەڵکو مرۆڤ دەکاتە خاوەنی ویژدانێکی نائارام. پەشیمانی وادەکات مرۆڤ بەرابەر ویژدانی خۆی نائاسوودەبێت. پەشیمانی بەڵگەی ئەوەیە مرۆڤ لەساتێک لە ساتەکاندا بێویژدانی کردووە. کەچی کاک فاروق کۆی دیمەنەکە سەرەوخوار هەڵدەگێڕێتەوەو پێیوایە لەبەرئەوەی ئەدوارد سەعید هەڵەی خۆی ڕاستکردۆتەوە ئیدی مۆدێلی ویژدانە.

ئەمرۆ هەزارەها تاوانبارو پیاوکوژی ڕژێمی بەعس پەشیمان بوونەتەوە، ئایا ئەمە دەیانکات بە ویژدانی تەندروست؟ لەم دەساڵەی دواییدا سەدان نوسەرو ڕۆژنامەنوس کە ئینکاری کوردو مافەکانیان دەکرد پەشیمان بوونەتەوە، ئایا ئەمە دەیانکات بە ویژدانی تەندروست؟. ویژدانی تەندروست لەسەرەتاوە ناچێتە ناو گەمەکانی ستەمکارانەوە، گومان و بێدەنگی هەڵنابژێرێت دەرهەق بە تاوانەکانیان. بەپێی ئەم مۆدێلەی کاک فاروق بێت، ئەوا هەموو بێویژدان و تاوانبارەکانی دونیای ئەدەب و فیکر دەبنە نمونەی ویژدانی تەندروست، چونکە ئەمرۆ بەشێکی ئەوانە دانیان بە هەڵەی خۆیاندا ناوەو خۆیان ڕاستکردۆتەوە. گەر ئەمانە مۆدێلی ویژدان بن ئەی کاک فاروق قوربانییەکان بەچ ناوێک بانگدەکات؟ ئەی ئەوانە ناودەنێت چی کە لەسەرەتاوە ئەم گەمەیەیان نەکردووە؟ ئەوانە ناودەنێت چی کە بوونەتە قوربانی بۆئەوەی «هەڵەنەکەن و پەشیماننەبنەوە»؟

هایدگەر ماوەیەکی کەم نازی بوو، بەڵام ئەو پەیوەندییەی هایدگەر بە نازییەتەوە بۆتە مایەی ئەوەی تا ئەمرۆ بەردەوام کتێب لەسەر پەیوەندی هایدگەرو نازییەت دەربچێت. لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا هەڵوێستی موفەکیر بەو جۆرە تەماشاناکرێت کە کاک فاروق تەماشایدەکات. هەڵوێستی بیریار لە چوارچێوەی کۆی ستراکتوری فیکریدا دەخوێنرێتەوە، هەڵویستی ئەدوارد سەعید لە کورد لە بونیادی فیکری ئەدوارد سەعیدەوە هاتووە، نەوەک لەوەوە هاتبێت کە نەیزانیوە لە عێراق چ باسە. لێرەوە گوناهبارکردنیشی، گوناهبارکردنی شەخسی نییە، بەڵکو گوناهبارکردنی ئەو زەمینە ئایدۆلۆژییەشە کە دونیابینی ئەو سەرچاوەی لێوەرگرتووە. ئەمجۆرە ڕەخنانە لە بنەڕەتدا ئاڕاستەی ئەوجۆرە بونیادە فیکرییانە دەکرێن کە ئەمجۆرە هەڵویستانەیان لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوە پەشیمانی سیاسیانە لە هەڵوێستێک مانای پاکبوونەوەی فیکرێک نییە لە ئیشکالییەتەکانی خۆی، مانای پاکبوونەوەی ویژدانێکیش نییە لە گوناهەکانی خۆی. بەڵکو ئەمە ساتی ئاشکرابوونی ئیشکالییەتە ئەخلاقییەکانی ناو سیستمێکی فیکرییە کە دەگاتە پلەیەک لە ڕوونی خاوەنەکانیشیان ناتوانن فەرامۆشیبکەن.

کاک فاروق دەنوسێت: «سەیرە کە داوای ئەوە لە سەعید بکەین کە شاهەنشاهی تر بێت لە خودی شا، کورد تر بێت لە کورد، ئاخر کۆمەڵێک سەرکردەو سیاسەتمەداری کورد پشتیان کردۆتەوە هەڵەبجەو تەنیا ساڵانە وەکو بۆنەیەک سوودی لێوەردەگرن بۆ خوێندنەوەی پەخشانە بێ کەڵکەکانیان».

سەیریشە یەکێک مۆدێلی ویژدان بێت، هەڵویستەکەی بە هەڵویستی «سەرکردەکانی کورد» بپێورێت. سەیرە لە بەرئەوەی سەرکردەکانی کورد بەتەنگ هەڵەبجەوە نین ، ئیدی ئەمە بەهانەبێت بۆ ڕۆشنبیران. لە چ زەمانێکدا مرۆڤی بە ویژدان سەیری کێشەی مرۆڤی بەمجۆرە کردووە؟ لە چ زەمانێکدا مرۆڤی بە ویژدان وەستاوە تا بزانێت سیاسەتمەداران دەبێژن چی ئینجا هەڵویست لە قوربانیان وەربگرێت؟ لە چ سەردەمێکدا ویژدان بێدەنگ بووە، تا سیاسییەکان گەمەی خۆیان تەواودەکەن؟. ئەمە چ شەریعەت و ویژدانێکە پێیوایە لەبەرئەوەی سەرکردە کوردەکان پشتیان کردۆتە هەڵەبجە، ئیتر ئەمە خوێنی هەڵەبجەو خوێنی هەموو قوربانییەکانی دی حەڵاڵدەکات. ئەمە چ جۆرە مۆدێلێکی ویژدانە کاک فاروق باسیدەکات، کە هەڵویستەکانی بە هەڵویستی خراپی سیاسییەکان پێوانەدەکرێت؟ ئاخر کە مرۆڤ باسی ویژدانی کرد واتە باس لە شتێک دەکات جیاواز لە ئەخلاقی سیاسەتمەداران. لە چ زەمانێکدا ڕۆشنبیر وەستاوە بزانێت سیاسییەکان دەڵێن چی، ئینجا هەڵویست وەربگرێت؟. کاک فاروق ئاگادار نییە بەم هەڵوێستەی پسوڵەی دەست و دڵ پاکی دەداتە سەدان نوسەرو ڕۆشنبیری عەرەب و تورک و فورس تا هەڵویستەکانی خۆیان دژ بە کورد پاساوبدەن.

دواجار كاک فاروق پێماندەڵێت : كورد خۆی پێشوازی لە پاوڵ كرد لە هەڵەبجەدا، ئیدی بۆ گلەیی لە ئەدوارد سەعید بكەین. بەڕێزیان ناڕاستەوخۆ دەیانەوێت بڵێن كە كورد خۆی حاڵەتێكی هاوشێوە بە حاڵەتی ئەدوارد سەعیدی لە هەڵەبجەدا پێشوازیدەكات، ئێستە بۆ دەست لە یەخەی سەعید بەرنەدەین؟ گەر پاول یەكێک بووبێت لە حاشا لێكەرانی هەڵەبجەو دواتر كورد بیكاتە پاڵەوان، ئەی خۆ سەعیدیش هەر ئیشێكی لەو بابەتەی كردووە، ئیدی بۆ پرۆفیسۆر سەعیدیش وەک ویژدانێكی سالم و سەلیم نەخوێنینەوە؟ ئەمە مەغزای بۆچوونەكانی كاک فاروقە. لە ڕاستیدا من سەیرم لێدێت كاک فاروق بەوجۆرە لۆژیكە وەڵامدەداتەوە، ئاخر ئەو ستوونە كە بە ناوی ڕێزو درۆوە نوسراوە من نوسیومە، نەوەكو «كورد»،. ناشزانم كورد بەو مانا گشتی و موتڵەقە كێ دەگرێتەوە. من بەرپرسیاریش نیم لەوەی «كورد» دەیكات، من كۆلن پاولم نەبردووە بۆ هەڵەبجە تا لە خوێندنەوەی ویژدانیانەی ئەدوارد سەعید سڵبكەمەوە، من بەرپرسیار نیم لەوەی سیاسییەكان دەیكەن، بەڵام بەر پرسیارم لە هەموو حەرفێكی خۆم كە دەیخەمە سەر كاغەز. دوائەوە كاک فاروق بەم بەراوردە زیانێكی گەورەی دیكە لە ئەدوارد سەعید دەدات. دەمانخاتە بەردەم ئەو وێنە تاڵەی كە هەریەک لە ئەدوارد سەعیدو كۆلن پاول، هەریەكەیان بۆ مەبەستی جیاوازو لە پاشخانی فیكری جیاوازەوە یەک مێژوویان لەگەڵ هەڵەبجەدا هەیە. هەردووكیان لە نەیارانی كێشەی هەڵەبجە بوون، هەردووكیشیان پەشیمانبوونەتەوە. بۆ من هەڵوێستی پاوڵ هەڵوێستێكە لەناو نیفاقی سیاسیدا خەملیوە و گۆڕدراوە، لەناو دونیایەكدا كە قازانج و دەسەڵات حوكمیدەكەن. ئەم گۆڕان و پەشیمانییە بەشێكن لە سیستمی سیاسی، بووونەتە شتێكی سادەو ئاسانی ناو ژیانی سیاسی ئەمڕۆ، بەڵام لە دونیای فیكردا ئەم هەڵوێستانە ئاسای نەبوون و ناشبنە هەڵوێستی ئاسایی، هەر خودی ئەم بەراوردە دەبایە دەروازەیەک بوایە كاک فاروق تێبگات كە هەڵوێستەكانی ئەدوارد سەعید ئەو دەرگایەیان كردۆتەوە كە «ئەتیكی فیكر» بە «ئەتیكی سیاسەت» بەراوردبكەین، «مۆراڵی فەیلەسوف» بە «مۆراڵی دەسەڵاتدار» بەراوردبكەین، كە ئەوە خۆی بەڵگەیە كە لەسەر شكستی ئەخلاقیانەی فیكر لای موفەكیرێک كە مۆراڵ ڕەهەندێكی جەوهەری بیركردنەوەیەتی.

ئەوەی لێرەدا شوێنی پرسیارە ئەوەیە مرۆڤ تێناگات، بۆ كە كۆلن پاول و ئەدوارد سەعید هەردووكیان وەک یەک بن، هەردووكیان لە حاشاكەرانی تراژیدیای كوردی بن، هەر دووكیشیان «پەشیمان؟» بووبێتنەوە،. بۆ یەكەمیان دەبێتە ڕەمزی شەڕ و ئەویدیان دەبێتە مۆدێلی ویژدان؟

خاڵێكی دی كە سەرەنجی من ڕادەكێشێت ئەوەیە كاک فاروق زۆر تورە دژ بەو سیاسەتە نامرۆڤانەو ناسیاسیانەی سەرۆكە كوردەكان قسەدەكات لەمەشدا لەسەر هەقە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە لێكچوونێكی ترسناک لە نێوان هەڵوێستی كاک فاروق و سیاسییەكانی ئێمەدا هەیە. سیاسییەكانی ئێمە هەڵەبجەیان فەرامۆشكرد، باوەشیان بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەش كردەوە كە نمونەی عەقڵی شۆڤێنین، كوردستانیان كردەماڵی كۆلكە نوسەرو ئەكادیمییەكانی عەرەب، بەڵام كاک فاروق خۆشی لەهەمان جوغزدایە، ئەی ناونانی ئەدوارد سەعید بە مۆدێلی ویژدان چییە جگە لە فەرامۆشكردنی هەڵەبجە و یادچوونەوەی. ئەگەر سیاسییەكان لەو دیو هەڵەبجەوە هەڵوێست وەردەگرن، ئەوەتا كاک فاروق خۆشی هەمانجۆر مەسەلەی كورد وەک مەسەلەی ویژدان تەماشاناكات و یەكێک لە بەناوبانگترین گومانكەران لە تاوانی هەڵەبجە دەكات بە مۆدێلی ویژدان.

كێشەی كاک فاروقیش لەگەڵ كەنعان مەكییەدا هەر ئەوەیە كە ڕەخنەكانی مەكییە لە ئەدوارد سەعید ڕەخنەن لە هەموو ئەو بەرەیەی ڕەخنەی خۆرئاوادەكەن تا لە كەلەپووری خۆرهەڵات بێدەنگ بن. كاک فاروق، كەنعان مەكییە بە بازاڕی ناودەنێت «بۆچی بازاڕییە؟ من نازانم... لە ڕاستیدا كاک فاروق بەداخەوە ئەگەرچی خەزێنێكی خوێندنەوەو زانیاری گەورەی هەیەو هەرگیز من نامەوێت بەراوردی بكەم بە كەسی دی، لەم هەڵوێستانەیدا تەواو لەو ڕۆشنبیرە نەخوێندەوارانەی كورد دەچێت كە بە ویژدانی ڕەحەت توهمەت و جنێو

دابەشدەکەن و سەلماندن و ئەرگومێنێت بە ئیشی خۆیان نازانن». هۆی ئەم ڕقە ئەوەیە کە مەکییە یەکەم کەسە لە ڕیزی ڕۆشنبیرانی عەرەبدا بەرەنگاری ئەو شەپۆلە ناسیونالیستییە، دینییە وەستا کە بەناوی دژایەتی خۆرئاواوە لە جەوهەری کێشە ناوەکییەکان بێدەنگدەبێت. ڕقی کاک فاروق لە مەکییە ئەوەیە دژایەتی خۆرئاوای نەکردۆتە پێوەر لەوێوە جیهان بخوێنێتەوە. لەکاتێکدا مەکییە تاکە ویژدانێکی عەرەبییە ڕووبەرێکی گەورەی نوسینی خۆی بۆ ئاگاداركردنەوەی دونیا لە تراژیدیای کورد تەرخانکردوە.

***********

سەبارەت بە دواقسەکانی کاک فاروق من هێندە دەڵێم، من نە بوغزم بەرابەر کاک فاروق و نە بەرابەر کەسی دیکەش هەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان نوسینی خۆشم نەخستۆتە خزمەت ئەوجۆرە شتانەوە، گەر لەسەر کێشەیەک بەدەنگ هاتبم، بۆئەوەیە شتێک هەیە بە هەڵەی دەزانم و دەمەوێت بەقەد توانای خۆم هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدەم. لەو پێناوەشدا سەیری ئەوەم نەکردووە خاوەنی ئەم هەڵوێستە دۆست و برادەرمە یان نا. هەڵوێستیشم لە کاک فاروق بەڵگەو نیشانەی ئەو ڕاستیەیە. من بە ترسناکی دەزانم نەوەکانی دوای ئێمە، ئەدوارد سەعید بە مۆدێلی ویژدان بزانن و ئاگادارنەبن کە ساڵەهای ساڵ ئەم پیاوە هەڵوێستی لە قۆناغێکی ترسناکی مێژووی خۆرهەڵات و عێراق چی بووە؟ ئەمەجگە لەوەی من لە بنەڕەتدا دژی ناونانی هیچ مرۆڤێکم بە مۆدێلی ویژدان، چونکە ڕێزی فیکر شتێکەو تەقدیسی ئایینی شتێکی دیکەیە.

سەبارەت بەم حیکایەتی بوغزەش کە بووە بە وشەی سەرەکی فەرهەنگی کاک فاروق، من  لە بەڕێزیان دەپرسم : ئێوە تاکەی وشەی بوغز وەک ئەو کەرەستە سیحراوییە بەکاردەهێنن بۆ بازدان و پەڕینەوە لە هەموو ئیشکالییەتە فیکرییەکان؟ تاکەی وشەی بوغز تاکە وەڵامتان دەبێت بۆ هەموو پرسیارەکان؟ تاکەی دەتوانن بە ئەرگومێنتی بوغز، کەمی ئەرگومێنت لە نوسینەکانتاندا پڕبکەنەوە؟ ئەمەیان ئیشکالییەتێکە پێویستی بەوەڵام هەیە.

من و کاک فاروق ساڵەهای ساڵ دوو دۆست و دوو برای نزیکبووین، هاوڕێی شادی و ناشادی یەکبووین، بەڵام منیش وەک زۆر لە هاوڕێ و خوێنەرانی کورد کە پاکس ئەمریکانا و کتێبەکەی کاک فاروقم خوێندەوە، ئەو هەڵگەڕانەوە سەیرە لە دیدی ئەم هاوڕێیەدا خەمگینی کردم، کە کاک فاروق وای لێهات شانازی بە کۆنزەرڤاتیفییەتی خۆیەوە بکات، وای لێهات حوجرە دینییەکان لە زانکۆکان باشتر بزانێت، وای لێهات ئیسلام وەک ئەلتەرناتیف بۆ گەندەڵییەکانی سیستمی خۆرئاوا  تەماشابکات، وای لێهات بانگەشە بۆ ئینتەرناسیونالیزمێکی دینی بکات، وای لێهات دەسەڵاتی حەوزەکانی لە عەلمانییەت پێ باشتر بێت، بووە نوسەرێک بە شانازییەوە باس لە دژایەتی دیموکراسیەت بکات. وای لێهات تازەگەری وەک تاعوون تەماشابکات، بووە یەکێک ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بانگی ئیسلامییەکان دەکات بۆ سنوردانان و جڵەوکردنی ڕۆشنبیران، بووە پیاوێک ناڕاستەوخۆ بانگەشە بۆ جیهادی دینی دەکات ، خۆی وەک بابی ڕۆحی گروپە ئیسلامییەکان نیشاندەدات. کەبووە نوسەرێک  سووک و سادە ڕووبەری هەرە گەورەی کولتووری فیکری مرۆڤایەتی بە فایرۆس ناوبنێت، ئیدی چیدی ئەمە ئەو مرۆڤە نەبوو کە هەموو گیانی ڕێزی فیکرو داهێنان بوو، چیتر ئەو هاوڕێیە نەبوو کە من عومرێک بوو دەمناسی، چیتر ئەو ڕۆشنبیرە نەبوو کە دژی جەهل شەڕیدەکرد. هەر لێرەوە، لەو واجیبە ئەخلاقییەوە بەر لەهەر کەس دەبایە من قسەبکەم. ئیدی ئەگەر کاک فاروق ئەمە ناودەنێت بوغز، من ناوی دەنێم خۆشەویستی، من ناوی دەنێم ئیلتیزامی ڕاستگۆیانە بە فیکرو هاوڕێتییەوە.

هەر هاوڕێیەتییەک لە نێوان دوو ڕۆشنبیردا گەر لەسەر موجامەلە وەستا هاوڕێیەتییەکی درۆیە. من ئیشکالیاتی ترسناکم لە بیرکردنەوەی کاک فاروقدا بینی، ئیشکالیاتی ترسناکم لە شێوازی تەعبیرکردنیدا بینی، دەشزانم ئەوانەی کە لەسەر ئەویان نوسی، توانای بینین و توانای تەعبیریان لەو ئیشکالیەتانە نەبوو. دەشزانم کە کەسانێکی زۆر ئەمرۆ خۆشحاڵن بەوەی کە دەبینن ڕۆشنبیرێکی بەتوانا ڕەنج و سامانی فیکری خۆی بەوجۆرە بەهەدەر دەدات. بەڵام جارێکی دی دەیڵێمەوە کە ڕێز لای من لەوبەری نیفاق و درۆو موجامەلەوە دەست پێدەکات. من ئەگەر بوغزم هەبایە ئەوا شەڕی بوغز زۆرە بیکەم، چ شتێک نییە لە دونیادا لە شەڕی بوغز ئاسانتربێت، من ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستمنەکردووە پێویستیم بەوجۆرە شەڕەبێت. من تا ئەو جێگایەی باوەڕم بە وشەی خۆمە باکم بەوە نییە ئەوانە چیم پێدەڵێن و چ درۆیەکم بۆ دەتاشن. چونکە دڵنیام وەک چۆن لەووبەر نەیانتوانیوە خوێنەرێک بتورێنن، لە داهاتووشدا ناتوانن. بە پێچەوانەوە ئەوانە وایانکرد کەسانێکی زۆر من بخوێننەوە تا خۆیان لە نزیکەوە درۆو بوختانەکان ببینن. نوسین لای من لەوبەری ئەو جۆرەوە ئەخلاقانەوە دەستی پێکردووە، لەوبەری ئەو زمان و زهنییەت و ڕەوشتەش درێژە بە خۆیدەدا. ئەوانە لای من ڕستەکەی گۆگۆلیان بەسەردا دەسەپێت کە دەڵێت «بێئەوەی ڕۆیشتبن، لێرە نین». تاکە وەڵامی منیش بۆئەوانە لە تێکستێکی داهاتوومدا، لە دیوانی داهاتوومدا، لە ڕۆمانی داهاتوومدا دەیخوێنیتەوە. دڵنیام وەڵامی هەموو نوسەرێکی جیدیش هەروادەبێت. بڕوایەکی تەواویشم بەو قسەیەی فلۆبیر هەیە کە دەڵێت : « تەلەسکۆبەکەت چەندە گەورەبێت ، ئەوەندە ئەستێرە لە ئاسماندا دەبینیت».

من تا ئێستا دەیانجار دەستبەرداری مافی وەڵامدانەوەبووم بێئەوەی هەستبکەم شتێکم دۆڕاندووە، بە پێچەوانەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستدەکەم ژمارەی ئەو خوێنەرانەی کە وەڵامدانەوەی ئەو جۆرە نوسینانە زویریان دەکات زۆرتردەبن. ئێستا حاڵەتەکە تەواو پێچەوانەی جارانە، سەردەمانێک واماندەزانی گەر نەیەینە قسە لەوانەیە ئەو جۆرە درۆو بوغتانکردنانە بتوانن کاریگەرییەکی سەلبی لەسەر خوێنەر جێبهێڵن، ئەمرۆ تەواو بە پێچەوانەوە. ئەوە فشاری ژمارەیەکی زۆری خوێنەرە وادەکات بێدەنگ بین، ئەوە خوێنەرە لێتنابورێت گەر بەکەم تەماشایبکەیت و وابزانیت هێند لاوازە هەندێک درۆ لە خشتەی دەبات. دوائەوە وەڵا کاتێک سودی هەیە کە دڵنیابیت ئەوەی بەرابەرت توانای گوێگرتن و تێگەیشتن و دیالۆگی عەقلانی هەیە، بەڵام هەندێک لەوانە پێویستیان بە دوو سێ ساڵ خوێندنەوەی بەردەوام هەیە بۆئەوەی لە نوسینی هەندێک گەنج تێبگەن کە ئێستاکێ دەستیان بە نوسین کردوە، ئیتر چۆن لە هیچ هەوڵێکی فیکری و ڕۆشنبیری تر تێدەگەن. لە ڕاستیدا خۆخەریککردن بەوانەوە لە کات کوشتن بەولاوە هیچی دی نییە. بەڵام کاک فاروق نابێت چاوەڕوان بێت بەوجۆرە مامەڵەبکرێت، لێرەوە بەرپرسیارییەتەکانی گەورەترە.

سەبارەت بەو برادەرنەش کە جیاوازی من و فاروق بە ئینشیقاقی ڕەهەند دەزانن. مرۆڤ لە پێکەنین بەولاوە ناتوانێت هیچی دیکەی هەبێت.  ئەم برا ئازیزانە لەمنداڵییەوە پەروەردەی ئەخلاقی حیزبین، ئیدی خەیاڵ و فەنتازیایان لەو زاراوانە ڕسکاوە کە فەرهەنگی کاری سیاسیان بۆیان دەستەبەردەکات، ئەوەی خۆی پسپۆڕو داهێنەری بواری ئینشیقاق و شەڕی ناوخۆ بێت، سەیرنییە هەموو ململانێکانی گەردون لە وێنەی شەڕی حیزبە کوردییەکاندا ببینێت. ئەو ئازیزانەی کاتی خۆی پێیان وابوو ڕەهەند حیزبە، سەیرنییە ئێستا ناکۆکی من و کاک فاروقیان پێ ئینشیقاق بێت. ئیتر ئێمە قەدەرمانە لەم کۆمیدیایەدا ئیشبکەین.

ئەوەی لای من لەم کۆمیدیایەدا تاڵە ئەم قسانە نییە، بەڵکو دەستبەرداربوونی ڕۆشنفیکرێکە لە پەیامە مەعریفی و ئەخلاقی و فیکرییەکەی خۆی، وەرگەڕانێتی بۆ بوون بە پاسەوانی ترادسیۆن و بونیادە ڕزیوەکان.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**